Landstinget Kronoberg

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێڕی زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێڕی زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێڕان کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## سەبارەت بە ئەنجومەنی پارێزگا

ئەنجومەنی پارێزگا، پێکهاتوو لە ٤٥ سیاسەتمەداری هەڵبژێردراو، بەرزترین لیژنەی بڕیاردانی پارێزگای کرۆنۆبێرگە. ئەنجومەنی پارێزگا بە پێی بارودۆخی تەندروستی ئێستاکەی پارێزگا، پێویستیەکانی چاودێری تەندروستی و پزیشکی و چوارچێوەی دارایی، لەسەر چالاکیەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بڕیار دەدەن. دانیشتنەکانی پارلەمان بۆ هەمووی ئەوانەی دەیانەوێت لە دانیشتنەکەدا ئامادە بین و بە قسەکان گوێ ڕاگرن، کراوەیە. هەر دانیشتنێک ئەو دەرفەتەی بە دانیشتووان دەدات کە هەندێ پرسیار لە پێوەندی لەگەڵ چالاکیەکانی ئەنجومەنی پارێزگا بهێننە ئاراوە.
لیژنەی ئەنجومەنی ناوچە کە پێکهاتووە لە ١٥ سیاسەتوانی هەڵبژێردراو، کاری گشتی چالاکیەکانی ئەنجومەن هەڵدەسووڕێنێت و کارڕێکخەری دەکات.
چەندین کۆمیتەی نووسینی ڕەشنووس، کۆمیتە و لیژنەی لاوەکی بەشگەلێکن لە ئەنجومەنی پارێزگا و کۆمیتەی جێبەجێکاریی ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ نموونە:

- کۆمیتەی چاودێریی تەندروستی و پزیشکی
- کۆمیتەی هەرەوەزی
- کۆمیتەی کەلەپوور و لیژنەی قوتابخانەی گەورەساڵانی گریمسلۆڤ
- کۆمیتەی لیکۆڵینەوەکان و پەرەپێدان (R&D)
- کۆمیتەی تەندروستی گشتی
- کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆشەکان

ئەگەر دەتانەوێت زانیاریی زۆرتر سەر ئەم ڕێکخراوە سیاسیە دەستەبەر بکەن، سەردانی ماڵپەڕی ئەنجومەنی پارێزگا، **Om landstinget, Demokrati och påverkan** (سەبارەت بە ئەنجومەنی پارێزگا، دێمۆکراسی و بڕواداری) بکەن، یان بە ژمارەی 0470 58 85 63 پەیوەندی بکەن.

## پێشنیار و ڕەخنەکانی هاووڵاتییان

لە پێشنیارەکانی هەموو دانیشتووانی پارێزگای کرۆنۆبێرگ سەبارەت بە گۆڕانکاریی و چاکتربوونی چالاکیەکانی ئەنجومەن پێشوازی دەکرێت. ئێوە دەبێت پێشنیارەکانی خۆتان لەگەڵ ناو و واژۆ و نووسینی ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنی خۆتان بدەنە دەستەوە. دەبێت پێشنیارەکە لەسەر کاغەز یان لە فۆرمێکدا کە لە ماڵپەڕی www.ltkronoberg.se دا لە ژێر بەشی ”Internettjänster“ هەیە، بنووسن و بە ناونیشانی خوارەوە بینێرن:

Medborgarförslag
Landstinget Kronoberg
351 88 Växjö

## لیژنەی هاووڵاتییان

بیروڕاکانی ئێوە بۆ کار لەسەر چاودێریەکانی پزیشکی و تەندروستی لە داهاتوودا بەکەڵک دەبێت. کەواتە ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگادا لیژنەیەکی هاووڵاتییانمان هەیە. تکایە ئەگەر ویستتان لە لیژنەی هاووڵاتیاندا بەشداری بکەن، ئەگەر

- پتر لە ١٥ ساڵ تەمەنتانە
- لە پارێزگای کرۆنۆبێرگ دا دەژین
- لە پارێزگای کرۆنۆبێرگدا چالاکی سیاسی نین

لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر لەسەر لیژنەی هاووڵاتییان سەردانی ماڵپەڕی www.ltkronoberg.se/medborgarpanel بکەن.